www.kurdistannet.org
12-6-2007 22:49بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت؟ ... ژنە کوردێک

هەموو کەسێک گرفتی هەیە، زۆر جار چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە لە هیزو توانی کەسێکدا نابێت بۆیە کەس و لایەنی تر دێتە ناو کێشەکە، بۆیە من ئەم کێشەی خۆم لە رێگای سایتی کوردستان نێت دەخەمە پێش دیدەی ئێوەی بەرێز، ، ، ،

خوێنەران و نوسەران و یاسە ناسان، ، من ئەم کێشەی خۆم ئاراستەی ئێوەی بەرێزدەکەم هیوادارم ئێوەش راو بۆچونی خۆتان بنوسن و چارەسەریش دەست نیشان بکەن، تکا دەکەم بێ ئەوەی ببنە لایەنگری هیچ لایەک. هەر لە رێ ئەم سایتە بەرێزەوە قسەی خۆتان بکەن.

من لە ولاتی سوید مافی نشتەجێ بۆنی بەردەوامم هەیە لە تەمەنی 20 ساڵدا لەگەڵ کورێک ژیانی هاوسەریمان پێکەوەنا ئەویش مافی پەنابەری بەردەوامی هەیە، ئێمە چوار ساڵە هاوسەری یەکین کورێکمان هەیە تەمەنی 3 سالە.

ماوەیەکە توشی گرفت بووینە بێ کەم و کورتی بۆتان دەگێرمەوە.

سەرەتا حەز دەکەم ئەوە بلێم من کەسێک مادی نیم. بەلاَم پرسیارم لە دروست بووە!!!

پێش ئەوەی زاواج بکەین ئەم کورە خانۆیەکی هەبوو لە سلیمانی کە خۆی باسی کرد... لە رێ و رەسمی زاواجداییشدا من هیچ داوایەکم نبوو، هەموو مەسروفات بە هاموو شیکەوە، 10هەزار دۆلاری تێ چوو، ، خۆتان دەزانن ئەم پارەیە هیچ نی یە بۆ مەسەلایەکی وا لەم ولاتە.

دوای زەواج هەردوکمان ئیشمان دەکرد لە کاتی منداڵ بۆنەوە من وازم لە ئێش هینا، ، کۆمەڵیک پارەی باشمان هاتە دەست.

هاوسەرەکەم هەموو حسابیکی لایە، بەهەر حاڵ ئیستا ئیمە 2 خانوو1 دۆکان و2 پارچە ئەرزەمان هەیە لە سلیمانی، هەموو ئەم شتانە بەناوی خۆشک وبراکانی هاوسەرەکەمن.

لەم ماوەیەدا پرسیارم ئاراستەی هاوسەرەکەم کرد، ، ! ئێمە ئەم شتانەمان هەیە بۆ بەناوی خۆمان نەبێ، یەک سەر وەلامی ئەوە بۆ من هیچ بەناو ژنەوە ناکەم، بۆیە ئەم قسەیە رایچەڵەکانم، من پێم داگرت دەبێت خانۆیەک باناوی منەوە بێت، ئەویش دەلێت ئەگەر وایە با جیابینەوە، بەلاَم من تەنها مارەیەکەت پێ دەدەم، منێش وتم دەچم لە یاسا داوای خۆم پێشکەش دەکەم دەلێت هیچت بۆ ناکرێت چونکە من هیجم نیە بە ناوی خۆمەوە، بۆ ئەمەش من بەڵگەم هەیە من بە ڤیدۆ قسەی پیاوەکەم لایە کە دەلێت ئەوشتانەم هەیە نایکەم بەناوتەوە هاموو قسەو باسی هەردوکمانم تۆمارکردوە... من دەزانم ئەگەر کار بگاتە ئەوە لە بەرژوەندی من دەبێت، بەلاَم وەک مرۆڤێک من حەزدەکەم کەس بەبۆنەی منەوە توشی کێشە نەبێت، چونکە ئەگەر من ئەم کێشە یە بەرمە یاسا کێشەی تری لێ دەبێتەوە هاوسەرەکەم لەم ولاتەناوێکی تری هەیە لە کوردستان ناویکی تر هەموو شتەکانی راست نین لێرە ئەوە ساڵێکە جنسێی سویدی وەرگرتوە، ئەگەر من ئەم بەسرهاتە باس ئەوە هەموو شتەکانی لێ وەردەگرن و دەری دەکەن. بە رایی ئیوەی بەرێز چیی بکەم باشە؟؟؟؟

سوید ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.